# تەڕ تەڕ نەباشە

نەورۆز

## بەشی یەکەم

ئاخۆ هە بێت هێندەی تۆ حەزی لە دەسەڵاتو حیزبایەتی بێت
ئاخۆ هەبێت هێدەی تۆ عەشقی کورسیو بەردەم مایکرۆفۆن بێت؟
ئاخۆ هەبێت هێندەی تۆ نەخۆشی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیو قسەی
سەقەتو سەردانی بێهودەی وولاتانی عەرەبیو٠٠٠٠ تاد بێت؟
ئاخۆ ئاخۆ تا چەندەها ئاخۆی تریش٠
من لەوپڕوایەدام نەک زۆربەی میللەتی کورد بەڵکو زۆرێک لە
لە ئەندامو کادیرانو ئەندامانیمەکتەبی سیاسیو عەسکەری ناو ی٠ن٠ک
لەتۆ بێزار بووبن، لە هەڵس‌وکەوتە نا سیاسیو زۆربێو بۆربێکانی
جەنابتان دەمێکە تەواو تەواو بێتاقەت بوون٠ بەڵام بڵێن چی؟
چۆن پێت بڵێن مامە وازبێنە ، مامە بەسە، مامە بەجێیبێڵە
بۆ یەکێکی تر، چۆن ئەتوانن زاری ڕەخنە لەڕووی جەنابتانا بکەنەوە٠
کامیان زاتی ئەوەئەکەن سەرو لاشەو چاوی خۆیان بدەنە بەر ڕەحمەتی
گاچۆنەکای جەنابتان٠
هەرچی زۆبەی میللەتی کوردیشە توشی سەرگەردانیەکی سیاسیی وا بوە کە تا
چەند دەیەیەکی تریش بەئاسانی لێی نەیەتە دەرەوە ٠
واتە هەردوو حیزبی زەردو سەوزی لا بوەتە ئایینو بە مێشکو دەماریاندا
چوەتە خوارەوەو ڕۆژی نەک هەر پێنج جار نوێژی بۆ ئەکەن بەڵکو
ئامادەن بەردەوام قوربانیشی بۆ بەن ٠
من لە پێناوی سەربەخۆیی میللەتێکدا یان سەرفرازی چینێکدا قوربانیم قبوڵە
ڕێزیشم هەیە بۆهەموو ئەو شەهیدانەی کە لەم پەیوەندەدا گیانی خۆیان بەخشیوە٠
بەڵام قوربانی بۆکێ؟ بۆ مام جلالێک کە خۆیشی نازانێت چیئەکات!
قوربانی بۆ کەسەێک کە لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی پێشوەوە هەتا ئەمڕۆ
لە سەدا نەوەدو پێنجی سیاسەتو بەرنامەو ڕاویژو هەڵسوکەوتەکانی تەرخانکردوە
بۆ دژایەتیکردنی بەرزانیو پارتی نادیموکراتی کوردستان٠
کەئەمەش خۆی لەخۆیدا بوەتە هۆی بەدیهاتنی کۆمەڵێک فاکتەری نا ئارامی
سیاسیو خستنەوەیفەرهەنگێکی سەقەت کە پەنجا ساڵیکە زۆرێک لە میللەتی
کوردی دەرمانخواردو بێهۆش کردوە ٠
لەمام جەلال هەڵەتر خێزانی بەرزانیو پارتیە کە بە هەمانشێوە بۆ دژایەتیکردنی
مام جەلالو یەکێتی هەمان سیاسەتو هەمان فەرهەنگی لەناو کورداندا پەیڕەو
کردوەو خستۆتەوە ٠

من لەو بڕوایەدام هەڵەکە تەنیا هەرلە ئەقڵیەتی نا سیاسی مام جەلال‌و خێزانی بەرزانیەوە نەبێت کە وا نزیکەی پەنجا ٠٠ شەست ساڵێکە خۆی بەسەر دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا سەپاندوە، بەڵکو بەشێکیشی ئەگەڕێتەوە بۆ خودی ئەقڵیەتی کوردی باشوور بەگشتی ، کەوا چەند دەیەیەکە ئەو دوو ئەقڵیەتە فیوداڵی‌و جەلالیزمەیان پەسەندکردوە٠

ماویەتی